www.kurdistannet.org
4-11-2005 0:04

# سڵاوێک بۆ کاک حەمە سەعید حەسەن! ... جەمال عەزیز

بەڕێز دڵنیام تۆش باش دەزانی! قازی محمد، بارزانی نەمر، لینین، هۆشیمنە، غاندی، عمرمختار، و کێوکێ....هتد کە ناویان لەدنیای تێکۆشانوسیاسەتدا بەنەمری مایەوە لەبەر ئەوە نەبوو کەبەفیشەکی دوژمنان یاخود بەپەتی سێدارە ژیانیان لەدەستدا، بەڵکو شەهید بوونیان یەکێك بوو لەو هەموو ڕێگا جیاوازانەی کەئەوان لەپێناو مرۆڤایەتیدا گرتبویانە بەر تاکو بوون بەسومبوولی پاراستنی کەسایەتی مرۆڤ بۆ ئەوەی چیتر سوکایەتی بەمرۆڤ نەکرێ.

کاك حەمە سەعید حەسەن تۆ کەسێکی ناسراوی وەك شاعیر، نووسەر، ڕەخنەگری سیاسیو ئەدەبی، هەروەها وەرگری خەڵاتی ئاراسیشی لەکوردستان، لەبەرهۆی سیاسیو پاراستنی ژیانت لەووڵاتی سوید مافی پەناهندەیت وەرگرت پیموایە کەمافی پەناهندەی سیاسیت وەرگرتووە، ساڵانێكو سەردەمانێك کەسێك بوویت لەشیوعیە چالاکەکانو وابزانم ڕەخنەشت لە سیاسەتی حیزبی شیوعی گرتووە، لەگەڵ ئەم هەموو ئەركو فەرمانانەی سەرشانت کەئەبێت ڕۆژانە پێنووس لەدەستت بێت جێگەپەنجەت دیاربێت ئەگەر بەهەڵە نەچووبم داوای مافی مرۆڤیش دەکەی بۆ ئەوەی مرۆڤەکان سەربەست بن لەبیرو بۆچوونیان ڕەخنەلەدەسەڵات بگرن چونکە خۆت ئەڵێیت من تاکو سەرئێسقان دوژمنی دەسەڵاتو پۆلیسم ئەگەر بەشێوەیەکی مرۆڤانە هەڵسوکەوت نەکەن، هەروەها باش ئەزانی کەمرۆڤ شایەنی ڕێزە نەك بەزەیی بۆ شاهیدی قسەکانم ووتارەکانتم لەیادە کەبەشێوەی ڕەخنە لەدەسەڵاتی ئیسلامو بەڕێوەبەرە دینیەکانی ئەگری کەچۆن مرۆڤەکان فێر ئەکەن گوێ ڕایەڵ بن تاکو خوداو محمد بەزەییان پیایاندا بێتەوەو لەئاگری دۆزەخ نەیانسووتێنن.

برام تۆ مامۆستای وانەی فەرهەنگیو سیاسی بوویت لەوڵاتی سوید مەبەستم ئەوەیە تۆ لاوانومنداڵان فێرئەکەی بۆ ڕۆژی ڕووبەڕووبوونەوەو تۆڵە ، بەڵام ئەوەی کەمن سەری لێدەرناکەم ئەو هەڵگەرانەوەیە بوو کەلەژیانو بەرنامەی کاری سیاسیو ڕۆژنامەوانیو ڕەخنەی تۆدا ڕوویدا تۆ کەداکۆکیت ئەکرد لەمرۆڤ بەڵام ئێستا داوای بەزەیی ئەکەی بۆ مرۆڤ

تۆ ئەتووت منیش وەك جاك جاك ڕۆسۆ ئەڵێم حوکمەت دەزگایەکە لەخەڵکەوە بۆ خزمەتی خەڵك بەڵام ئێستا داوا ئەکەی سەرۆكو حوکمەت تێڕوانینی سۆزداریان هەبێت بۆ مرۆڤەکان تۆ ئەتووت من ڕەخنەلەهەرکەس بگرم بۆ ئەوەیە کەمرۆڤێکی دروستی لێدروست بکەم بەڵام ئێستا خۆت ئەتەوێ ڕەخنەت لێبگیرێ تاکو مرۆڤێکی دروستت لێدەرچێ تۆ ئەتووت من تێڕوانینم بۆ دنیا بەچاوێکی زانستیانەیە بەڵام ئێستا تێڕوانینت بۆ دنیا بەچاوێکی بەرژەوەندیانەیە، مامۆستای بەڕێز ، ئەوەی من لەنامەکەتدا بەدەستم هێنا دوولایەن بوو لەو نامەیەی لە 36 تا 40 وشە زیاترنەبوو، لەنامەکەتدا داوا ئەکەی کە( بەسۆزەوە بۆی بڕوانن، ، ئەو پیاوەهی ئەوە نیە)-1- باری یەکەمی نامەکەت ئەوەی خستەبەردیدەم کەکاك حەمەسەعیدی مارکسی، خەباتگێڕ، نووسەر، ڕەخنەگر، بەهەڵوێست، لەبەرامبەر سەرکردەیەکی کوردا ئێستا بووە بەپۆلیسی بەردەرگایی دەزگایەكو کەمێك لەبەڕێوەبەری دەزگاکەوە نزیکەو لەوانەیە واسیتەیەکی پێبکرێ لەبەرئەوەی لەماوەی خزمەتیدا وەك پاسەوانێك لەدڵسۆزی زیاتر هیچی تری

لێنەبینراوە هەربۆیە لەلای بەڕێوەبەر بەسۆزەوە تێیدەڕوانێت، تۆش لەم ڕوانگەی سۆزی بەڕێوەبەرەوە بۆ بەڕێزتان، داوای سۆز دەکەی بۆ دکتۆر کمال سەید قادر.

بەڕێز مامۆستا حەمە سەعید حەسەن! بەڵێ ئێمە دەزانین کەتۆ ناکۆکیت هەیە لەگەڵ دکتۆر کمالو چەندین نووسەری تر بەڵام ئەم ناکۆکیە ئەوە ناگەیەنێ کەتۆ مەبدەئی خۆتی لەپێناودا دابنێی یاخود جێگەی بەرزەنشینت لەناو نووسەراندا بخەیتە لای دەرگاو دانیشتنی سەرپێلاوەکان من وا بیرم ئەکردەوە لەتۆ لەبەرئەوەی ڕەخنەی ڕوخێنەرئەگری تاکو سەرلەنوێ بنیات بنێیتەوە هەرلەبەرئەوەیە کەنووسەران ڕقیان لێتە بەڵام من باش حاڵی نەببووم، من واتێگەشتبووم کەتۆ مارکسیەکی عەیارە 24 ی پێشەوای هەموو کرێکارانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هەربەهەمان شێوەی پێشوو لەبەر ئەمەیە کەنەتەوە پەرستان ڕقیان لێتە بەڵام لەمەشیاندا هەرمن هەڵە بووم ، هەرچەندە ئەو نووسەرانەی کەبەو شێوەیە ڕەخنەلەتۆی بەڕێز دەگرن بەڕاستیان نازانم نابێت نووسینو ڕەخنەبگاتە ئەو ڕادەیەی کەسوکایەتی کردن بێت بەیەکتری، بەڵام لەچارەڕەشی کوردی هەزار ئەبێت ئێمەی تازە خوێنەرو نوسەر ئامۆژگاری ئێوەی مامۆستاو ڕابەر بکەین.

2باری دووەم یان تێڕوانینی دووەمم بۆ ئەو نامەیەی تۆی بەڕێز ئەوەیە کە تۆ نەك باوەڕت بەمافی مرۆڤ نیە بەڵکو قەشمەریتان بەو خاڵبەندیەی مافی مرۆڤ دێتو باوەڕتان بەوشەیەك نیە لەهەموو فەرهەنگی دنیادا کەناوی کەرامەتو کەسایەتی مرۆڤە، کاك حەمەسەعید زۆر باش ئەزانم ! کەبەچی دڵێكو بەچی بیرکردنەوەیەك ئەو نامەیەت بۆ سەرۆکی هەرێم نووسیوە ئەو پەڕی بەئاگاو بەهۆشبووی بەڵام مەنجەڵی ڕقو کینەت هەڵچبوو تەمەنات ئەکرد کەپۆلیسی ئەو بەندیخانەیەبوویتایە کەدکتۆر کمالی لێیەو تاکو بەدڵی خۆت زەلیلت بکردایە، ، بەڕێز مامۆستا حەمە سەعید حەسەن ئەو تێڕوانینەی تۆ بۆ دکتۆر کمال تێڕوانینی کەسێکە کەمرۆڤ لەکەسایەتی دەرئەکات ئەیەوێت لەڕەگەز بەدووری بکات تۆ ئەڵێی ئەو پیاوە هی ئەوە نیە کە سزا بدرێت من لەتۆ ئەپرسم ئایە؟ ئەوە ماوەی زیاتر لە5 ڕۆژە زیندانیە ئەوە بەسزا نازانی .ئایە ؟ خزاندنی کەسێك لەهۆدەیەکدا بەبێ لێکۆڵینەوە سزانیە. لەتۆ وایە تف تێکردنو سوکایەتی پێکردن سزانیە؟ تەنها شەقو قامچی سزایە؟ بەهەرحاڵ هیوادارم تێڕوانینم بۆ بەڕێزتان هەڵە بێت.

تێبینی :کاك حەمە سەعید من وەڵامی نووسەرێکم داوەتەوە کەڕەخنەی نادروستی لەتۆ گرتوە بەڵام ئەو شێوە داواکاریەی تۆ بۆ ئازاد کردنی دکتۆرکمال شایەنی ئەوەیە کەکەسانی دوورو نزیك لەتۆ هەڵوێستەی لێبکەن.